# من بڕوام هەیە بە ...
# درکاندنی 6 بیر و بڕوای جیاواز

**گوڵاڵە پشدەری**
Goli-67@hotmail.com




بڕوا بە ئایین یان خوود بە مەعبوودێک چی بە مرۆڤ دەگەیەنێت؟
چۆن وبۆ چی ئەم هەموو جۆرە ئایینانە درووست بوون؟
کامیان بە کەڵکی مرۆڤ دێت و یان خوود کامیان باشترە؟
یان هەر بێ بڕوایی (بێدین) چ بە مرۆڤ دەگەیەنێت یان لیی کەم دەکاتەوە؟

بەڕاستی ئەم خاڵانە زۆر هەستیارن و لەوانەیە وڵامی ئەم پرسیارانە، ناخی هەندێک مرۆڤ بڕوشێنێت ئەگەر بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ڕووی نەزانینەوە یان خوود بێ ئاشنایی بە ئەو ئاینانە و یان خوود بە شێوەیەک بیر و بڕوا بە سەر بیر و بڕوای کەسان یان گروپێکی تر سەپاندن ئەبێتە ئاریشە.
ڕووداوەکان و ئەزموونی مێژوو پێشانی داوین کە لەم هۆکارەوە، چەندین کارەسات ڕووی داوە وکو شەڕی ماڵوێرانکەر نەک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زیاترە بەڵکو لە سەرتاسەری جیهانیش.
لێرەدا پێویستە بزانین کە ئایا ئایین بۆ چیە؟ ئایا هەر ئەوە نییە کە یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ ئەوەی مرۆڤێکی باشتر و بەختەوەرتر بێت؟ ئایا هەر ئەو یاسا و ڕێسانە نین کە کۆمەڵگا خۆی دایدەنێت؟
یانخوود ئەوەش پەیوەندی زۆری بە دەستەڵات و هێز(قودرەت) و کورسی نیەو ئەگەر نا پەیوەندیان لە چی دایە و بۆ چی لە گەڵ یەکترا ململانێ دەکەن.
ئەی ئەوە نیەکە ئێستا لەم پارچە وڵاتە ئازادکراوەمان کوردستان کێشە لە هەندێک خاڵ دا هەیە، یاسا لە سەر بنەمای شەریعەت ئیسلام دەبێت بنووسرێت،ئینجا ئەوکەسە یان گروپەی کە ئەو باوەڕەی نیە، ڕەچاوی بیر و بڕوای" ئەو" دەکرێت؟ ئەگەر وایە چۆن؟
ئایا ئاینەکانی ئاسمانی بە ڕەو پەرەساندنن یان خوود کاڵ بوونەوە دان و لە کام شوێنەی سەر ئەم زەوییە؟
بۆ نموونە ئەوەی کە من تا ڕادەیک ئاشنام لە کۆمەڵگای هۆڵەندی و پەیوەندی خەڵک بە ئاینەوە ، ئەوەیە کە بەروە کاڵ بوونەوە دەڕوات.لە سەر کارەکەم وەک پەرستیار کاتێ وەرگرتنی نەخۆش، یەکەم هەنگاو 11 پرسیارکە ئاراستەی نەخۆش دەکرێت، کە لە سەر بنەمای یاسای پەرستاری Nanda Gordon کاری پێدەکرێت، پرسیاری کۆتایی یان یانزدەهەمین پرسیار باوەڕ و ئایین دەگرێتەوە.
ئینجا بۆم دەرکەوەت کە لە نێوان 11 کەس تەنیا 2-1 کەس (هەروەها لە نێوان بە ساڵاچووان) باوەڕی بە ئایینێکی ئاسمانی هەیە و 3 -4 کەس بڕوا بە ئاینەکانی خاکی و 7-8 کەس بێ ئایین


ڕێژەی خەڵکی هۆڵەندا و ئایین لە ساڵی 2000
- بێ ئایین: 62

- رۆم - کاتۆلیک:16
- هۆڵەندیەکانی ڕیفۆرم کراو(اصلاحی): 7
- ریفۆرم کراوەکان یان نوێگەراکان: 5
- ئیسلام: 5
- پاشکۆ: 5




ڕێژەی خەڵکی هۆڵەندا و ئایین لە ساڵی 2010

- بێ ئایین: 68
- رۆم- کاتۆلیک: 13
- هۆڵەندیەکانی ڕیفۆرم کراو: 4
- ریفۆرم کراوەکان/ نوێگەراکان: 3
- ئیسلام: 6
- پاشکۆ: 6




ئایین تەوەرێکی فراوان و پتەوی پێ دەوێت و کەسانی پسپۆر،ئینجا بە ئۆمێدم و دەخوازم کە لە کۆمەڵگای ئێمەی کورد دا زیاتر لەم بارەوە مرۆڤ وورد بێتەوە ولێکۆڵینەوەی تێدا بکات.بە تایبەتی خوێندکارانی زانکۆ دەتوانن ئەوە بۆ scription (باسەکەیان) هەڵبژێرن و کاری لە سەر بکەن.

لێرەدا بۆ ئاشنایی بە هەندێک ئایینی ئاسمانی و خاکی شەش جۆر بیر و باوەڕ ( **کاتۆلیک،ریمۆنسترانتس، هیندوو،موسڵمان،هومانیست،بوودیسم**) بەیان دەکەم کە لە گفتوگۆیەک لە گەڵ شەش کەسە بە بیر و بڕوای جۆرا و جۆر کراوە و ئەوان هەستی خۆیان دەردەبڕن بە: **شانازی، ئارامی و هێز** وەردەگرن لە ئایین. ئەو چاوپێکەوتنە بە هاوکاری گۆڤاری Zin هاتۆتە چێ کردن و لە ژمارەی هەیڤی ژانیوەری ئەمساڵدا دا بڵاو بۆتەوە.

**Chris Stapel**

تەمەن: 52 ساڵ

پیشە:کارمەندی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆلیژی( WSKO )

ئایین: Katholiek

"گفتووگۆ لە گەڵ خوایەکی مێهرەبان"

من بڕوام به خوا هەیە،خوایەکی میهرەبان.من نازانم کە ئەو لە شێوەی ئینسان دایە بەڵام من ئەو بە وێنەی ئینسان ئەژمار دەکەم،چۆنکە بە ئاسانیتر ئەتوانم لە گەڵیا پەیوەندیم هەبێ و بدوێم.بەم شێوەیە ڕێگای خۆم خۆش دەکەم.

من لە گەڵ خوا قسە دەکەم.ڕۆژانە ئەگەر هیچ نەبێ چەند چرکەیەکیش بێت.ئەوە ئارامی و پشتیوانیم پێ دەبەخشێت.

بیر و بڕوای من جۆرێک لە هەستی متمانە بە خۆ و پارێزراویم پێ دەبەخشێت،بەڵام ئەوەش هەردەم ئاسان نیە.

جاری واشە بێ ڕێزیم بە خوا کردووە(جنێو).وانیە کە : من داوا دەکەم و ئەویش بۆم هەڵدەسووڕێنێت.بە دڵنیای وانیە.

هەندێک جار ئەوەندە بێدەنگییە کە مرۆڤ دەترسێت،بەڵام من دەزانم کە ئەو(خوا) گوێ لە من ڕادەگرێت و بە ڕێز وەرم دەگرێت.

بڕوای من بە کاتۆلیک هەر لە ڕیشەوە هاتووە.ئەوەم لە بنەچەکەوە بۆ ماوەتەوە،لە گەڵ یاسا و ڕێساکان.بەڵام من ئازادی ئەوەم وەرگرتووە کە خۆم کلێشەی پێ بدەم واتا بڕیک گۆڕان.ئەوەیە کە باوەڕم هەیە بە بەهەشت بەڵام بە جەهەنەم نیە.

ئەگەر چی من لە گەڵ هەموو لایەنەکەی سیستەمی پەروەردەی فەرمی نیم،بەڵام هەر دەمەوێت لە گەڵ کلیسای کاتۆلیک بەشدار بم.کاتۆلیک بوون بۆ من واتای ئەوەی نیە کە پیرۆزە بەڵام تەنیا ئەوە دەگەیەنێت کە من پاپا یان بیسکۆپ بم.

ناوەڕۆکی یان واتای کاتۆلیک بۆ من ئەوە دەگەیەنێت:

مێهرەبانی،میوانداری،جەژنگرتن، بیدەنگی و ئارامی و لەو کاتە بێدەنگەدا مرۆڤ دەتوانێت لە دوای  پەیوەندی لە گەڵ خوا بگەڕێت.

**Marianne Waling**

تەمەن:53 ساڵ

پیشە: Verpleegkundige/ پەرستیار و پسپۆر لە بواری  Ethics /فەلسەفەی ڕۆح

ئایین: Remonstrates

"تەواوی ژیان  گەڕان بۆ دۆزینەوە"

من بڕوام هەیە کە هێزێک هەیە کە ڕابەری ژیانی من دەکات.ئەوەش خوا نیە،ئینسان نیە،بەڵام سەرچاوەیەکی هێز و توانایە،خۆراکێکی بە هێزە کە یارمەتی من دەدات،ڕێگام بدۆزمەوە. من لە کەرکی(کلیسا) ڕێمۆنسترانتس دا  گەورە بووم. ئەم  کەرکە یاسایەکی گرانی نیە،مرۆڤ ئەتوانێت خۆی بیر بکاتەوە؛ لێرەدا ڕێگا بە هەر شێوە بیرکردنەوەیەک دراوە.

ئینجا ئەوە شتێکە کە من بە دوای دام و دەمەوێت و وام لی دەکات هەتا ماوم بە دوای دۆزینەوەدا بم.

ئەم پرۆسە گەشەپێدانە ی زۆر بە نرخ ، زۆرم پێ دەبەخشێت.من زۆر لەم بارەوە دەخوێنمەوە و لە سەری گفتوگۆ دەکەم.

لە گەڵ گروپەکانی جیاواز قسە دەکەم و هەروەها دەستیشم بە کردنەوەی Philosophy  café کردووە.

دیالۆگەکەم لە گەڵ خەڵکان لە بارەی نەریتەکان،واتا یان گرنگی ژیان و باوەڕ/ئایین زۆر سرنجم ڕادەکێشێت.

ڕێمۆنسترانتس بوون یارمەتیم دەدات کە وورد ببمەوە لە لایەنە ڕوحیەکەی ژیان نەک مادییەکەی و مرۆڤ تێڕوانینێکی هەبێت بۆ ئەوەی کە چی دەتوانی بۆ خەڵکانی تر بکەی.

ئینجا بەم شێوەیە خۆم تەرخان دەکەم لە کارەکەمدا بۆ لایەنە مرۆڤایەتیەکەی، خەم هەڵگرتن لە مرۆڤ بە تەواوی واتا. بۆ نموونە ڕاویژی پەرستیارەکان دەکەم لە بارەی لایەنە   هەڵبژاردنی ڕیگە دژوارەکانی ژیان

Dilemmas & ethic.ئەزموونەکانی ڕۆحی ناوەڕۆکی بیر و بڕوای منە. سیمبۆلەکانی داستانەکانی ئایینە جۆراوجۆرەکان بنەمایەکن بۆ پشتیوانی من.ئەوەش هەروەها لە پەیوەندییەکی گەرمی ئینسانی دا دەبینمەوە.

### Iach Doergram Tewarie

تەمەن: 56 ساڵ

پیشە: European Reporting Manager& Plant Controller bij a Aamericans multinational

ئایین: Hindoeïsme

"زیندوو بوونەوە ڕۆح لە جەستەیەکی تردا و ڕزگاری"

من باوەڕم هەیە کە ڕۆح زیندوو دەبێتەوە( param Ieswar )،و ئەو دەستەڵاتدارە،کە Shri Laxmi Narayan رە.

پارام لەسوار هەموو شتێکە: ئەو ئافەرینەندەیە(دروستکەر)، دەتوانیت هیلال ڕابگرێت و یان لە ناوی ببات.

پارام لەسوار وونە(دیار نییە) بەڵام زۆر لە کردەوەکان وەربگرێت.ئێمە بۆ وەرگرتنی ئەم کردەوانە دەپاڕێینەوە/نوێژ دەکەین.من هەموو ڕۆژێک چەند چرکە یەک نوێژ دەکەم.

ڕۆژانی شەمە لە ماڵی ڕێ و ڕەسمی تایبەتیمان هەیە. بەشێک لە پەرتووکەکانی پیرۆز دەخوێنینەوە و خواردن بە خێر دەبەخشینەوە.ڕۆژانی یەک شەمە دەڕۆمە tempel شوێنی پیرۆز و بۆ جێ بەجی کردنی ئەرکی ئایینی.

یەکێک لە نیشانەکانی هیندوویسم ، باوەڕ هەبوون لە دووبارە زیندوو بوونەوەی ڕۆح لە جەستەیەکی تردایە: جەستە دەمرێت، بەڵام ڕۆح دەگەڕێتەوە لە جەستەیەکی تردا بۆ سەر زەوی.ڕۆح پیرۆزە و هەر ئینسانێک ڕۆحێکی هەیە.

ئینجا بۆیە زۆربەی هیندوویسمەکان ڤیجیتارین(گۆشتخۆر نین)،ئینجا منیش ڤیجیتاریم.مەبەست لەوەدا ڕزگارییە.واتا ئیتر ڕۆح زیندوو نەبێتەوە و بڕواتە وە لای لەس وار.

بە هەڵگرتنی ئەم ئایینە و کردوەی باش،ئازار نەدانی خەڵک،ژیان بردنە سەر هیوادارین کە ئەوە بە دەست بێنین.

من لەو باوەڕەدام کە Shri Laxmi-narayan من ڕابەری دەکات. ئەم ئایینە ئارامیم پێ دەبەخشێت.ئەڵبەتە کە خۆت دەبێ کاری بۆ بکەی،بەڵام بە نوێژکردن،هێز وەردەگری.من لەو بڕوایەشدام کە هەرچی من هەمە لە ژیانمدا،ئەوە لە ئەنجامی باوەڕەکەمەوە بە دەستم هێناوە.

### Frank William

تەمەن: 61 ساڵ

پیشە: بەرپرسی مێدیایی (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن)موسڵمانانی هۆڵەندا

ئایین: موسڵمان

" اللّە وەکو هاوڕێیە"

من لەو بڕوایەدام کە شتێک یان کەسێک یان هێزێکی بێ هاوتا،زانا،دەست لێنادرێت و ڕاستگۆ کە هەڵە ناکات هەیە.

من ناوی دەنێم خوا یان الله.ژیان خوودی خۆی بۆ من نیشانەیەک یان سەلماندنێکە کە خوایەک هەیە.

من لەو بڕوایەدام لە ناوەڕۆکدا هەرچی کە ڕووی دەدات ئەوە بۆت تەرخان کراوە یان لە چارە دا نووسراوە.ئەم باوەڕە هەستێکی یەکجار زۆر لە ئارامی و شانازیم پێ دەبەخشێت.بەڵام خوا ئینسانی درووست کردووە و ئەرکی بەرپرسیارەتی و ویستی خۆی داوەتێ.ئەو هەڵگری هەموو شتێک نییە،ئینجا لەو شوێنەی کە قران کە دەڵێت هیچ شتێک شاراوە نییە و ئینسان ئازادە و خۆی ڕێگا هەڵدەبژێرێت.

من ئایینی اسلامم له منالّییەوە وەرگرتووە،لە گەڵ تەواوی پرینسیپەکانی ، زۆرداری کەسم لە سەر نەبووە.گرنگترین خاڵ کە من لە دایک و باوکم فێر بووم لەم ئایینەوە ئەوەی کە ڕێز لە ئینسان بگرم و کاری باش بکەم بەرامبەر بە کەسانی هەژار و پێویست. بۆیە ئەوان هەمیشە بە کردەوە خۆیان نموونەی باشیان نیشانم ئەدا.

هەوڵ ئەدەم کاتی خۆم بە خۆ بەخش تەرخان بکەم بۆ کەسانیک کە پێویستیان بە من هەیە و نموونەی باشی ئینسان بم. تەوای کات وا هەست دەکەم خوا لە دەورووبەرم دایە.ئەو نزیکترین و باشترین هاورێمە.ئەو چاوی لە کردەوەکانی منە،بەڵام ئەو بەخشەندەیە و ئینجا بۆیە زیاتر لە سەر هەستم کە بە خواستی ئەو بکەم.ئەوە دەنگی ئەوە کە دەڵێت:

'کردەوەی شێتانە مەکە'.ئەو سەرچاوەی هێزێکی ڕۆحییە کە هانم ئەدات بۆ کردەوەی باش".

## Maritte den Bieman-Smithhuis

تەمەن: 57

پیشە: پارێزەر لە بواری ڕۆحی ئینسانیدا

باوەڕ: Humanist

" هێزی ئینسان"

من لەو باوەڕەدام کە ئێمە هەبوونمان خۆش بکەیین و خۆمان بە خۆشەویستی ببەستینەوە.

هومانیسم ناوەڕۆکی ئەوەیە کە باوەڕی بە هێزی مرۆڤەکان هەیە،بەڵام بەرپرسیاریەتیش دەدات بە ئینسان کە بە شێوەیەکی باش بژییەت: پەیوەندی هەبێ لە گەڵ خوودی خۆت،کەسانی تر و لە گەڵ دوونیا دا.

ئەو بیرۆکەی کە خوایەک هەیە،لە من دوورە.بەلام لەو باوەڕەدام کە هێزێک گەردوونی ڕاگرتووە.من هەردەم لە دوای ئەوە گەڕاوم کە هەبوونمان لە چییەوەیە و چێمان دەوێت.لە ئەنجامی ئەو گەڕانەدا من ئێستا کە دوایی 30 ساڵ بە دەستم هێناو لە کاتۆلیکەوە تا هوومانیست و بروانامەی زانکۆ بەشی هومانیستیک م وەرگرتووە.من خۆم زیاتر لەم بیر و بڕوایەدا دەبینمەوە،بەڵام من بیر وبڕوا لە ئایینی خوایی جیا دەکەمەوە.بۆ من بیر و بڕوا بیرێک/هەستێکی قوول کە لە ناخدایە و تێڕوانین و لێ ووردبوونەوە ئەدات بە هەبوون. بۆ نموونە ئەگەر من هونراوەیەک دەخێنمەوە و یان دەڕۆمە ناو کەرکێکی رۆمانی کۆن،ئینجا هەستێکی گەورە لە پەیوەندی لە گەڵ جیهان و ئەو هەموو جیلەی کە پێش من، ئەوانیش لە گەڵ ئەو پرسیارەیان گرفتیان هەبووە کە ئەبێ ژیان بۆ چی بێت،باش و خراپی و شاراوەکانی تایبەت بە هاتنە سەر جیهان و کۆچکردن چین".

## Milly van Praag-Lopez

تەمەن: 54

پیشە: هەیکەل ساز/ شێوەکار

ئایین: ( Buddhist )

"ژیان لە ئێستادا"

من باوەڕەم هەیە بە بوودیست و هەموو ڕۆژێک هەوڵ ئەدەم لەو باوەڕەدا بم کە من بوودام ،هەروەها خەڵکانی تریش .بوودیسم ئاینێکی فەلسەفەییە کە 2550 ساڵە هەیە و لە جیهاندا 415 ملیۆن کەس بڕوایان بەم ئایینە هەیە.

ژیانی بوودایی ژیانێکی ئەوەندە بەرزە کە لە وە زیاتر نابێ و ناکرێ.ئەم ئایینە چوار چێوەیکی هەیە ئەوێش ئەم چوارخاڵە دەگرێتەوە:

زانایی،ئیراده،دڵسۆزی/بەزەیی و هێزی ژیان.ئەگەر تۆ  دارای ئەم خاڵانە بی یەکجار زۆر ئەتوانی بکەی و بە دەست بهێنی.لەم پەناگایەوە هەوڵ ئەدەم ئەرکەکانی بڕوایەکەم بە جێ بگەیەنم وەکو نوێژکردن و پاڕانەوە،هەموو بەیانی و ئێواران ڕستەیەک وشە دەخوێنمەوە کە پێی ئەڵێن chanten .بەم شێوەیە هاوار دەبەم بۆ بوودای گەورە.ئەگەر گوومان یان ترسم هەبوو،دەرۆم دەپاڕێمەوە.پاڕانەوە بارگرانی کەم کردنەوە ئاسان نییە، بەڵام مرۆڤ دەبێت شەڕی دژ بە شەیتانی دەروونی خۆی بکات.ئەو ئاییەنم ماوەی 27 ساڵە هەیە، و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر هەست بە ووریایی/زانایی و ئیرادە و باوەڕ بە خۆ هەبوون دەکەم ڕێک لەو شوێنە یان کاتی کە پێویستە،هەروەها خۆم بە هیز دەزانم وهەستی دڵسۆزیشم هەیە.بوودیسم یارمەتیم ئەدات کە مرۆڤێکی باشتر بم و بەختەوەرتر بم. بژیم لەم کاتەدا و ڕانەکەم لە ئاریشەکان،ئەوەیە کە بوودیسم بڕوایی پێیە. هاتنە ئارای کێشە و ئاریشەکانی ژیان، هەل و مەرج رەخساندنن بۆ کارکردن لە سەر ئاشتی و تەبایی. ناوەرۆکی بڕوای بوودیسمی ئاشتی-تەبایی لە ناو جیهان دەگرێتەوە، کە ئەوە تەنیا کاتێک دەتوانی بە دەستی بهێنی کە چارەسەری کێشەکانی ژیانی خۆت بکەی.

سەرچاوە:
گۆڤاری  Zin هەیڤی ژانیوەری 2007
هۆڵەندا
12 دیسەمبر 2007